# تاڵەبانی ... پەیامی ئاشتی یان....؟

تاڵەبانی لە پەیامی جەژنی نەورۆزدا لە ٢٠٠١/٣/٢٠ دا کەلەرێگەی تەلەفیۆنی کوردساتەوە ڕایگەیاند . پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کورد کردو ئاواتی خواست کە نەورۆزی ئەمساڵ ببێتە نەورۆزی ئاشتی گشتی و سەرتاسەری لەکوردستاندا، وە ووتیشی ئەوان ئامادەن برایەتی و تەبایی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێشدا پێك بهێنن. وە ئەوەشی دوپات کردەوە کە یەکێتی نیشتانی کوردستان ئەمساڵ زۆر بە پەرۆشەوە دەیەوێت ئاشتی بچەسپێنێ. ئەوەی سەیر و سەرنج ڕاکێشەر بوو لە ووتەکانیدا، ئامادەیی خۆی بۆ ئاشتی لەگەڵ هەموو لایەنەکان و و بگرە داگیرکەرانی کوردستانیش بەزمانێکی زۆر نەرم ڕاگەیاند. بەڵام کە هاتە سەر باسی پارتی کرێکارانی کوردستان، کەلەڕاستیدا تەنها شەڕێك هەبێ لەکوردستداندا لەم کاتەدا، لەگەڵ ئەواندایە. بەزمانێکی توند سەرکردایەتیەکەیانی بە سەرلێشێواو و درۆزن ناوبرد. بۆیە مرۆڤ دوودڵ و بەگومان دەمێنێتەوە لەسەرجەم ووتەکانی کەلەڕاستیدا و بەووردی شیی بکەینەوە ئەو پەیامەی واتاکەی ڕایدەگەیاندی شەڕبێت نەك ئاشتی سەرتاسەری. چونکە لە ووتەکانیدا دایارە کەدەڵێت. دەبێت ئەوانە بگەڕێنەوە، {واتە پارتی کرێکارانی کوردستان}بۆ شوێنی ڕاستەقینەی خەباتی خۆیان، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر دەیانگوت دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەپێش دەستپێکردنی شەڕ تیایدا بوون. ئەبێت لێرەدا ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە تاڵەبانی و هەموو کەس دەزانێ پارتی کرێکارانی کوردستان ماوەی دووساڵ زیاترە بەفەرمی شەڕی لەگەڵ تورکیدا وەستاندووە و بەنیازی چارەسەرێکی ئاشتیانەیە بۆ باکوری کوردستان، گەڕاندنەوەی هێزەکانیان بۆ باکوری کوردستان لەم کاتەدا کەوەك تاڵەبانی داوایدەکات. بێگومان دەبێتە لەباربردنی ئەو ئاشتیەی کە دووساڵ زیاترە هەوڵی بۆدەدەن و تیۆەگلانی هێزەکانیان لەگەڵ دوژمن کەماوەی دووساڵە زۆر بەهێمنی بنکەکانی خۆی لە باکوری کوردستاندا قایمکردووە دیارە ئەمەش بەزیانێکی گەورە بۆ شۆڕشی کورد لە باکوری وڵاتەکەماندا دەشکێتەوە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم دەبوایە یان پێویست بوو کەتاڵەبانی گەربەنیازی ئاشتیە. دەبوو بە زمانێکی نەرمتر لەو کێشەیە بدوایە و دڵی نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەسی باکوری وڵاتەکەمانی خۆش بکردایە. چونکە نەورۆز جەژنێکی سەرتاسری کوردستانە و ئەو سنورانە ناناسێ کە تاڵەبانی و {ئەمسالی} بەبەشی خۆیانی دەزانن.

خاکین

هۆڵەندا